# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## راپۆرتێک لەبارەی:

# نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان و ئاستی چاودێریکردنی پێشێلکارییەکان

ئابی 2024

## پێشەکی:

نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان سەر بەدەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤە لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەیەکی حکومیە بەپێی یاسایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ کاردەکات. ئۆفیسە سەرەکیی لە کەلارە و لە هەریەکە لە قەزاکانی کفری و خانەقین هۆبەی هەیە.
لەم راپۆرتەدا تیشکدەخەینەسەر کارو چالاکییەکانی نوسینگەکە و ئەو ئالەنگاریی و کێشانەی روبەڕویان دەبێتەوە.

# بەشی یەکەم: ئیشوکارەکانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان

## ١. ناساندنی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان

نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان لە ساڵی ٢٠٠١ بەناوی بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان دامەزراوە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٣ بوە بە بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال تا ساڵی ٢٠١٠ وەکو بەڕێوبەرایەتی بوە، لە ساڵی ٢٠١٠ دوای پەسەندکردنی یاسای دەستەی مافی مرۆڤ کە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ دەرکرا، وەزارەتی مافی مرۆڤ هەڵدەوەشێنرێتەوە و دەکرێت بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، سەرجەم بەڕێوبەرایەتیەکان دەکرێن بە نوسینگە. نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان دو هۆبە لە خۆدەگرێت لە کفری و خانەقین. هەروەک خودی نوسینگەکەش خۆی لە ٨ هۆبەدا دەبینێتەوە (ژمێریاریی، وردبینی، کارگێڕیی، خۆیەتی، یاسا و سکاڵا، گرتوخانەکان، پاراستنی مافی مناڵ، چاودێری و دۆکۆمێنتکردن).
ژمارەی تێکرای فەرمانبەرانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان (١٩) فەرمانبەرە (٨) فەرمانبەر لە نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیانن، (٤) فەرمانبەرهۆبەی مافی مرۆڤی کفری و (٧) فەرمانبەر لە هۆبەی مافی مرۆڤی خانەقینە. کاری سەرەکی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان وەرگرتنی سکاڵا و بەدواداچونە بۆیان.

## ٢. کارەکانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان

### ا. وەرگرتنی سکاڵا

بەپێی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، کاری سەرەکی نوسینگەکانی مافی مرۆڤ وەرگرتنی سکاڵای هاوڵاتیانە کە پەیوەندنی بەمافی گشتییەوە هەبێت.
حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: کاری سەرەکی ئێمە وەکو نوسینگەکانی مافی مرۆڤ بەپێی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، وەرگرتنی سکاڵایە، سیستەمی سکاڵا بە ئەلکترۆنی کراوە بۆ تۆمارکردنی داتا و زانیاری کەسی سکاڵاکار، بەڕەزامەندی خۆی ئەو داتا و زانیارییانە وەردەگرین لەیەک سیستەمدا لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کۆدەکرێتەوە.
دەشڵێت: بەشێک لە وسکاڵایانەی کە دەبێت کاری جدی لەسەر بکەین سکاڵایەکە ئەگەر دەزگایەکی گشتی مافی هاوڵاتی پێشێل بکات، دەبێت بەدواداچونی بۆ بکەین بەدوای راستی بابەتەکەدا بگەرێین، وەکە لێکۆڵینەوەی سەرەتای گەرانە بەدوای راستیدا، ئەگەر زانرا بەڵگەکان بەو شێوەیە راست بێت، ئەبێت بە نوسراوێک ئاراستەی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیانی بکەین، بۆ ئەوەی وەکو سکاڵایەک لای ئەوان بجوڵێنرێت.
هێما بۆ ئەوە دەکات: زیاتر ئەو سکاڵایانەی لامان تۆما دەکرێن، سکاڵای راگیراوانە کە سکاڵای ئەوە دەکەن کە ئەشکەنجەدراون، بەهۆی ئەوەی ئێمە چاودێری گرتوخانەکان دەکەین، بەدواداچون دەکەین و پرسیار و داتای خۆمان هەیە بۆ ئەشکەنجە، بەڵام کەمترین بەڵگەیان هەیە کە بیسەلمێنێت ئەشکەنجە دراون، ئاسەواری ئەشکەنجەیان پێوە دیار نییە، بەدوای شایەتدا دەگەرێین بەڵام ناگەین بە ئەنجام، کە بەڵگەی تەواومان دەست بکەوێت کە لە بنکەی پۆلیس یان ئاسایش کەسەکە ئەشکەنجە دراوە.
لەبارەی دۆخی ئەشکەنجەدانی راگیراوانەوە، باسی لەوەکرد: ناتوانین بڵێین ئەشکەنجە نییە، زۆرجار دەچینە گرتوخانەکان کەسێک نابینی ئاسەواری ئەشکەنجەی پێوە دیاربێت، بەڵام ئیدعای هەیە و دەڵێت ئەشکەنجە دراوم، ناگەینە ئەنجام کە بڵێین لە ١٠٠٪ ئەشکەنجەدان هەبوە.
باسی لەوەشکرد: بەشێک لەو کەسانەی ئەم جۆرە سکاڵایە دەکەن نزیک دەبنەوە لەوەی تاوانەکەیان بەسەردا بسەپێنرێت کە ئەنجامیان داوە، بۆ ئەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی سزاکەیان کەم بکرێتەوە، هەربۆیە زۆرجار پەنا دەبەنە بەر ئەمجۆرە سکاڵایە و دەڵێن ئەشکەنجە دراوین.

# ئاماری کار و چالاکی ساڵی ٢٠٢٣

| چالاکی | ژمارە |
|---|---|
| کۆڕ و سیمیناری هۆشیاری | 34 |
| سەردانیکردنی گرتوخانە | 15 |
| سکاڵا | 17 |
| توێژینەوەی چاپکراو | 1 |
| بەدواداچونی کەیسی پێشێلکاری | 58 |

## ب. کەرتی پەروەردە

نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان بە هەماهەنگی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار و کفری، بەدواداچون بۆ رەوشی پەروەردە دەکات.

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: بەشێک لە کارەکانمان کە رۆژانە بە دواداچونی بۆ دەکەین، پەیوەستە بە کەرتی پەروەردەوە، هەرچەندە لە ئێستادا دەوامی خوێندنگاکان نییە، زۆرجار بە دواداچون بۆ رەوشی پەروەردە دەکەین و هەماهەنگییەکی باشمان هەیە لە گەڵ پەروەردەی کەلار و کفری بۆ پێشکەشکردن سیمینار لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن.

هێماش بۆ ئەوە دەکات: لەگەڵ مامۆستایان و توێژەران بەتایبەتی دانیشتنمان هەبوە و رێنماییمان پێداون.

زۆرتر چالاکیەکانیان لەم بوارە، ئەنجامدانی سیمینارە بۆ فێرخوازان.

سەلاح محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی مافی مرۆڤی کفری، دەڵێت: لە کاتی وەرزی خوێندندا خول و سیمیناری هۆشیاریی بۆ ناوەندەکانی خوێندن ئەنجام دەدەین.

فەرمانگەکە پلانی وەهایە بۆ ساڵی داهاتو سیمینارەکانیان زیاتر بکەن، حەیدەر فازڵ لەمبارەوە وتی: لە پلانماندایە ئەمساڵ لە هەمو قوتابخانەکانی ئەم شارە ٢ بۆ ٣ سیمینار پێشکەش بکەین، لە بارەی بابەتەکانی وەکو: خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کە بابەتی سەرەکییە، هەروەها مافی قوتابی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.

## ت. کەرتی تەندروستی

لەکاتی دروستبونی هەر کێشەیەک لە کەرتی تەندروستی، لیژنەیەکی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان سەردانی کەرتی تەندروستی دەکات، بۆ بەدواداچون و ئاگاداربون لە لایەنی کەمتەرخەم.

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان وتی:

لەکاتی هەر کێشەیەکدا ئێمە سەردانمانکردوە و بە راپۆرتێک ئەیدەینە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگاداربکاتەوە کە کەمتەرخەمی لە چ بەشێک و کەسێکدا هەبوە.

## پ. ئامادەکردنی راپۆرتی هەڵسەنگاندنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ

دەستەی سەربەخۆ مافی مرۆڤ ساڵانە لە رێگەی راپۆرتێکەوە هەڵسەنگاندن بۆ رەوشی مافی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان، هەریەکە لە نوسینگەکان شەش مانگ جارێک راپۆرتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ئاراستەی دەستە دەکەن.
حەیدەرفازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: ساڵانە دەستەی مافی مرۆڤ بەگشتی هەڵسەنگاندنێک دەکات بۆ رەوشی مافی مرۆڤ، نوسینگەکان لە سنوری خۆمان شەش مانگ جارێک لەسەر پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتێک دەدەینە دەستەی مافی مرۆڤ لەسەر هەمو سێکتەرەکان کە نزیکەی ١٤ سێکتەر دەگرێتەوە، بەگشتی باسی بچوکترین پێشێلکاری دەکەین کە رویدابێت و ئاماژەی پێدەکەین و لەوێ تۆماری دەکەین، شەش مانگی دوەمیش راپۆرتی کۆتایی دەنوسین.
دەشڵێت: راپۆرتی سێ مانگەمان هەیە سەبارەت بە بەشی پاراستنی مناڵ کە ئەمە یەکێکە لەو بەشانەی کە تازە دروست بوە و دەستەی مافی مرۆڤ بە هاوکاری رێکخراوی یونسێف پێکیانهێناوە و سێ مانگ جارێک لەسەر پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە رەوشی مافەکانی مناڵ بەگشتی راپۆرتمان هەیە.
هێما بۆ ئەوەشدەکات: سەبارەت بە رەوشی سکاڵا، راپۆرتێکی دیکەمان هەیە لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە سێ مانگ جارێک ئامادەی دەکەین و دەیدەینە دەستەی مافی مرۆڤ، هەمو ئەمانە لەدەستەی مافی مرۆڤ کۆدەکرێتەوە و ساڵانە بە راپۆرتێکی تێروتەسەل دەردەچێت و دۆخی مافی مرۆڤی بەگشتی تێدا باسدەکرێت.
وتیشی: ئێمە هەڵسەنگاندنی ئەوەمان کرد ئەمساڵ گەرمیان دۆخێکی خراپی بڕی لەم شەش مانگەی یەکەمدا، بەتایبەتی لە روی مادەی هۆشبەرەوە، ئەمانەش جێگای مەترسین.

### ئاماری پرسی کارلەسەرکراو (شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤)

| مانگ | کار |
|---|---|
| مانگی یەک | داردەی کارکردنی مناڵ |
| مانگی دو | رەوشی نەخۆشخانەکان |
| مانگی سێ و چوار | رەوشی ژینگە لە گەرمیان |
| مانگی پێنج | رەوشی ئیدارەدانی دادگاکان |
| مانگی شەش | رەوشی هاتوچۆ |

## ج. کەرتی تایبەت

ئەرکێکی دیکەی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان پێی هەڵدەستێت، بەدواداچونکردنە بۆ کەرتی تایبەت بەمەبەستی ئاگەداربون لە دۆخی کرێکاران و پێدانی مافەکانیان.
حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: لە دەسەڵاتماندا هەیە بە دواداچون بۆ کەرتی تایبەتیش بکەین بۆ ئاگەداربون لە دۆخی کرێکاران بەتایبەتی ئەو کرێکارانەی لە کۆمپانیا و کارگەکاندا کاردەکەن، ئاگەداری ئەوە دەبین کە ئایا بەپێی پێویست مافەکانیان پێدەدرێت و بەپێی یاسای کار گرێبەستیان هەیە، هەروەها ئایا موچەکانیان بە پێی ئەو گرێبەستەی کراوە پێیان دەدرێت؟ چونکە هەندێک شوێن بەپێی ئەو گرێبەستەی کراوە بۆ موچەکانیان بەوشێوەیە پێیان نادەن.

### چ. چاودێریی دۆخی منداڵان

بـۆ ئاگەداربـوون لە دۆخی منـداڵان و بەتایبەتی منداڵانی ئیشــەری سەرشــەقام، نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان هۆبەیەکی تایبەت بە منداڵانی هەیە و لیژنەیەکی بەدواداچوونیشان هەیە.
ئیدریس حەمەکەریم، لێپرسراوی هۆبەی منداڵان، دەڵێت: ئێمە جگە لــەوەی هۆبەیەکمان هەیە تایبەت بە منداڵان، لە دوو لیژنەیەشــدا بەشــدارین کە لیژنەیەکیان لەگەڵ ئیــدارەی گەرمیانە و لیژنەیەک لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان و کارەکانیان تایبەتە بە چاودێریی منداڵان.
دەشــڵێت: دو جــۆر کاردەکەیــن، کاری یەکێــک لــە لیژنەکانمان زۆر تەرکیزی لەســەر منداڵانی ئیشــکەری سەر شــەقامە، کارێکی تریشــمان گشتگیر ترە بۆ منداڵان لە ئاست و شوێنەکانی دیکەدا، لیژنەیەکمــان بە بەردەوامی دەرچوونیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی داتا و فۆرممان هەیە بۆ پڕکردنەوەی داتا و زانیاری منداڵان.
هێما بۆ ئەوەشــدەکات: ئەو ئامارانەی کۆیدەکەینەوە دەیکەین بە راپۆرت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کاری لەسەر دەکەن.
باس لەوەشــدەکات: لە پلانماندایە هەنگاو بۆ شوێنەکانی دیکەش بنێیــن، وەک: کافتریا و چێشــتخانەکان، چونکە لەو شــوێنانەش منداڵ هەن.

## ئاماری رەوشی منداڵان لە گەرمیان (سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤)

| منداڵی فڕێدراو | تۆمار نەکراوە |
|---|---|
| لەباربردن | تۆمار نەکراوە |
| دەستدرێژیی سێکسی | تۆمار نەکراوە |
| نەوجەوانان لە گرتن و گواستنەوە | 7 |
| سکاڵا | 13 |
| منداڵی بێسەرپەرشت | 9 |

## ئاماری رەوشی منداڵان لە گەرمیان (سێ مانگی دووەمی ٢٠٢٤)

| | |
|---|---|
| منداڵی فڕێدراو | 0 |
| لەباربردن | تۆمار نەکراوە |
| دەستدرێژیی سێکسی | تۆمار نەکراوە |
| نەوجەوان لە گرتن و گواستنەوە | 5 |
| منداڵی بێ سەرپەرشت | 9 |
| منداڵی ئیشکەری سەرشەقام | 18 |

## ح. سەردانی بنکەی پۆلیس و گرتوخانەکان

یەکێک لەو شوێنانەی نوسینگەی مافی مرۆڤ بەردەوام سەردانی دەکات گرتوخانەکانە، بۆ ئاگەداربون لە هەر پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە راگیراوان.
حەیدەرفازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: سەردانییەکانمان بەگشتی لە ئێستادا بەردەوام بۆ بنکەکانی پۆلیس و ئەو شوێنانەیە کە زیاتر هەست بکەین مافی کەسی تیادا پێشێل دەکرێت، بەتایبەتی لەکاتی لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتبارانـدا، دەچین سەردانیان دەکەین و رێنماییان پێدەدەین ئەوانیش هاوکارمانن.
دەشڵێت: هەروەها سەردانی گرتوخانەکانی گەرمیان دەکەین، هەریەکە لە گرتوخانەکانی بەشی گرتن و گواستنەوەی گەرمیان و گرتوخانەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، هەندێکجاریش بەپێی پێویستی داواکاری بەندکراوان هەبێت کە داوابکەن سەردانیان بکەین، چونکە ژمارەمان لەلایانە داوادەکەن سەردانیان بکەین.
هاوکات دلێر رەحیم، لێپرسراوی بەشی یاسایی و گرتوخانەکان، دەڵێت: هەفتە یان دو هەفتە جارێک سەردانی گرتوخانەکان دەکەین بۆ ئاگەداربون و لێکۆڵینەوەکردن لە نانخواردن و تەندروستی راگیراوان و مامەڵەی پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ بەندکراوان و ئەگەری بونی ئەشکەنجە.
دەشڵێت: تەنها کاتێک ئێمە تەداخول دەکەین کە پەیوەندی بە مافی گشتییەوە هەبێت، ئەگەر لێدان و ئەشکەنجە هەبێت لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئێمە نوسراو بۆ داواکاری گشتی دەکەین، ئەرکی ئێمەیە لێکۆڵینەوە بکەین لە هەر کەمتەرخەمییەک کە هەبێت لە ناو گرتوخانەکاندا.



# بەشی دوەم: گرفتەکانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان

## ١. گرفتی کەمیی فەرمانبەر

کەمی میلاکی فەرمانبەر یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان و کێشەی بۆ کارەکانیان دروست کردوە، بەم هۆیەوە نەیانتوانیوە هەمو بەشەکانیان پڕبکەنەوە.

حەیدەرفازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: وەکو نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان جگە لەخۆم ٧ فەرمانبەرم هەیە، یەکێکیان پاسەوانە پاسەوانەکەم هێناوەتەوە بۆ بەش بەهۆی کەمی کارمەند بۆ ئەوەی سودی لێببینین، لەو نۆ بەشە سەرەکییەی کە هەمانە توانیومە تەنها شەش بەشی پڕبکەمەوە، ئەمەش تەنها وەکو بەرپرسی بەش فەرمانبەریان نییە. لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە هیچ کەسێکمان بۆ دانەمەزراوە، لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوە و خانەنشین هەبوە و ٤ فەرمانبەرمان خانەنشین بون و جێگایان پڕنەکراوەتەوە.

دەشڵێت: بۆ بچوکترین کێشە دەبێت دوکەسی بۆ رابسپێریت بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین، بەڵام من ئەبێت خۆم و فەرمانبەرێک بڕۆم چارەسەری بکەین، ئەمەش زۆر کێشەیە بۆمان.

هێما بۆ ئەوەشدەکات: لە میلاکدا شۆفێرمان نییە، بەپێی یاسا هیچ فەرمانبەرێک بۆی نییە ئۆتۆمبیل لێ بخوڕێت، ئەمە بەرپرسیاریەتییە، بەڵام رۆژانە هەمومان ئەو سەرپێچییە دەکەین.

هاوکات ئیدریس حەمەکەریم، لێپرسراوی هۆبەی پاراستنی مافی منداڵ، دەڵێت: یەک کارمەندم بەردەست نییە تەنها خۆمم، لە کاتێکدا بۆ کارەکەی من دەبێت بەلایەنی کەمەوە ٣ کارمەندمان هەبێت جگە لە بەرپرسی هۆبە، ئەمە گرفتی بۆ دروستکردوین.

لە بەرامبەریشدا ئیبراهیم محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی راگەیاندن و ژمێریاریی، دەڵێت: نەبونی فەرمانبەری ژمێریار کێشەیە بۆ کارەکانمان، پێویستمان بە ٥ فەرمانبەرە بۆ هۆبەکەمان، بەڵام سەرجەم کارەکان لە ئەستۆی خۆمە.

دەشڵێت: فەرمانبەر مۆڵەتی هەیە یان رۆژێک لە هەفتەکەدا نایەت بۆ دەوام، بەڵام من ئەوەشم نییە، ئەمەش گرفتی بۆ دروستکردوین.

هاوکات دلێر رەحیم، لێپرسراوی هۆبەی یاسا و گرتوخانە، دەڵێت: بۆ ئەوەی کارەکانمان بەباشی بەڕێوەبچێت، پێویستمان بە ٦ بۆ ٧ فەرمانبەرە، بۆ ئەوەی هەریەکە و کارێک بکات، بۆ هەریەکە لەکارەکانی: وەرگرتنی سکاڵا، گرتوخانەکان، ئاسایش و پۆلیس، رۆشتن بەشوێن سکاڵا.

لە بەرامبەردا حەیدەرفازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: کاتێک سەردانی گرتوخانە دەکەین لیژنە دەنێرین، لیژنە دەبێت سێ کەس بچن و خۆمی تیادا نەبێت، بەڵام بەهۆی کەمی فەرمانبەرەوە خۆم لەگەڵیان دەچم.

دەشڵێت: کەمی میلاک وایکردوە ناتوانم لیژنەکانم تەواو بکەم.

هاوکات سەلاح محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی مافی مرۆڤی کفری، دەڵێت: کێشەی سەرەکیمان نەبونی میلاکە، کە فەرمانبەرێکمان گواستنەوە یان خانەنشین دەبێت یان لە دەوام دادەبڕێت شوێنەکەی پڕ ناکرێتەوە، ٤ فەرمانبەرین یەکێکیان مۆڵەتی دایکایەتی و یەکێکی تریان مۆڵەتی خوێندنی هەیە.

دەشڵێت: لەم جۆرە حاڵەتانەدا گرفتمان بۆ دروست دەبێت، چونکە هۆبەیەک بە دو کەس بەڕێوە ناچێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گرفتی نەبونی کادری کارامەمان هەیە کە پێویستە شارەزایی هەبێت لە ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی خول و راهێنان و سیمینار، چەندینجار داوای زیادکردنی میلاکمان کردوە، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە.

کەمی فەرمانبەر لەنوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، وایکردوە بەرپرسی هۆبەیەک ئەرکی هۆبەیەکی دیکەی پێ بسپێردرێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی هەیە داوای فەرمانبەریان لە هۆبەی مافی مرۆڤی خانەقینیش کردوە.

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: بەهۆی نەبونی فەرمانبەری پێویست، بەرپرسی هۆبەیەک ئەرکی هۆبەیەکی دیکەشمان پێ سپاردوە، بەرپرسی هۆبە ١٥٪ دەرماڵەی هەیە، بەڵام هیچیان بۆ خەرج ناکرێت لەبەر ئەوەی هۆبەکە فەرمانبەری پێویستی نییە، تەنانەت بە پێی پەیکەری رێکخستن، ئەبێت (٣٢) فەرمانبەرمان هەبێت.

دەشڵێت: بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی بە هۆی نەبونی فەرمانبەرەوە هەیە، داوام کردوە سود لە فەرمانبەرانی هۆبەی مافی مرۆڤی خانەقین وەربگرین و راژەکەیان بهێننە کەلار، ئۆتۆمبێلکیان بۆ ئەو مەبەستە بۆ دابین بکرێت، چونکە لەوێ ناتوانن کاربکەن، ئەوەشمان بۆ نەکرا.

لە بەرامبەریشدا، ئەمەل فوئاد، لێپرسراوی هۆبەی مافی مرۆڤی خانەقین، دەڵێت: کێشەی ئەوەمان هەیە بەردەوام داوای فەرمانبەرمان لێدەکرێت بۆ نوسینگەی مافی مرۆڤی کەلار، ئێستا ٦ فەرمانبەرین، فەرمانبەرێکمان مۆڵەتی خوێندنی هەیە، خۆمان گرفتی میلاکمان هەیە و فەرمانبەرمان کەمە.

دەشڵێت: بۆ ئەو داواکارییەی لێمانکرا، کارمەندێکمان راژەی گواستەوە کەلار، بەڵام بەهۆی خەرجنەکردنی کرێی هاتوچۆوە، گەڕایەوە خانەقین.

## ٢. گرفتی بینا

گرفتی بینا یەکێکە لەو گرفتانەی بەرۆکی زۆربەی فەرمانگە حکومییەکانی گەرمیانی گرتوەتەوە، یەکێک لەو فەرمانگانەش نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیانە، کە بەهۆی نەبونی فەرمانگەی تایبەت بەخۆیان لە بینای فەرمانگەیەکی دیکەدان.
حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: ماوەی ٨ ساڵە لە بینای بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیانین، چەندینجار پێویستیان بەو جێگایە بوە کە تیایداین، بەڵام بە حوکمی ئەوەی بینویانە ئێمەش سەرقاڵی کاروبار و بەدواداچونین لەبارەی رەوشی مافی مرۆڤ و نزیکییەک لە کارەکانماندا هەبوە، داوامان کردوە بمانبەخشن بۆماوەیەکی دیکەش بمێنینەوە، نەرمییان نواندوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لێرە بمێنینەوە، ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی کە وایکردوە لە بری ئەوەی سەرقاڵی بە دواداچونبین، بەڵام سەرقاڵی بە دواداچونی ئەوەین بینایەک بۆ خۆمان دابین بکەین.
دەشڵێت: داوای بینامان کردوە پێمان وتراوە بینایەکی باش بەکرێ بگرین و ڕەزامەندیمان وەرگرت توانیمان بینایەک بەکرێ بگرین، بەڵام گرفتی دارایمان بۆ دروست بو بەهۆی ئەوەی حساباتمان مەرکەزییە، هەر خەرجییەکمان هەبێت لە رێگەی چەکێکەوە لە گەنجینە بۆمان دەکرێت و لە بانک خەرج دەکرێت، ئەبێت چەکێک بە ناوی خاوەن خانو بکەین لەبانک کرێکەی وەربگرێت، بەڵام بەهۆی کەمی پارە لە بانکدا ئەو چەکانە دوادەکەوێت و خاوەن خانوش مانگ و دو مانگ چاوەڕێ ناکات، بۆیە نەمانتوانی بچینە خانوی کرێ.

» لە بری ئەوەی سەرقاڵی بە دواداچون بین بۆ پێشێلکارییەکان، سەرقاڵی بە دواداچونیین بۆ دابینکردنی بینایەک بۆ خۆمان «

## ٣. گرفتی پێشینە

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دواکەوتنی پێشینەیە و بە گرفتی دواکەوتنی کارەکانیان دەزانن.
حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: بۆ پێشینەی مانگانەمان ئەبێت سەردانی گەنجینە بکەین تاتەواو دەبێت، بە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ لەلای خۆمان نییە، گرفتمان بۆ دروست دەبێت، دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێک چاودێری وردەوە، تەواوبونی مامەڵەکان ماوەیەکی ئەوێت، پاشان دەکرێت بە چەک، دەبێت سەرەیەکی بۆ تۆمار بکەین لە بانک بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی بانکی ناوەندی سلێمانی، بەلایەنی کەمەوە چەکێکی پێشینە مانگێک دەخایەنێت، ئەمە وایکردوە دواکەوتن لە کارەکانمان دروست بکات.
دەشڵێت: کۆمەڵێک کاروچالاکیمان هەیە وەکو: چاپ و بڵاوکردنەوە و ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و سیمینار، ئەمانە خەرجی دەوێت، ئەم گرفتە وایکردوە نەتوانین چالاکییەکانمان وەکو پێویست بکەین.
هێما بۆ ئەوەشدەکات: پێشینەیەکی باشمان هەیە بۆ خەرجییەکانی نوسینگە و هەردو هۆبەی کفری و خانەقین، بەڵام گرفتمان لە وەرگرتنی هەیە، ساڵی ٢٠٢٣ لەکۆی ١٢ پێشینە تەنها ٦ پێشینەمان وەرگرتوە، دواکەوتنی وایکردوە نەتوانین سود لە هەمو پێشینەکان وەربگرین.

## ٤. گرفتی دەسەڵات

هۆبەکانــی ســەر بە نوســینگەی مافــی مرۆڤی گەرمیــان نەبونی دەســەڵاتیان لە روی ســەربەخۆی ئیداریی و داراییەوە بە گرفتی بەردەم کارەکانیان دادەنێن.
ئەمــەل فوئاد، بەڕێوبەری هۆبەی مافی مرۆڤی خانەقین، دەڵێت: دەســەڵاتی ســەربەخۆمان لــە روی ئیداریــی و ژمێرکارییەوە نیە، من کە لێپرســراوی هۆبەم دەســەڵاتی ئەوەم نییە دو رۆژ مۆڵەتی فەرمانبەرەکەم بدەم، ئەبێت بۆ پشتگیریی بینێرم بۆ کەلار.
دەشڵێت: نەبونی دەسەڵات گرفتی بۆ ئیشوکارەکانمان دروستکردوە لەگــەڵ ڕێکخراوەکان، ئەگەر حســاباتی خۆمــان هەبێت جیاوازە، چەند ســاڵێکە داوای ئەوەمان کردوە جیابکرێینەوە و ســەربەخۆ بین و وەکو نوســینگەیەک مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، نوســینگەی مافــی مرۆڤی گەرمیان لەمــڕوەوە گرفتیان نییــە و پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە.
هێما بۆ ئەوەشــدەکات: لــە دوای روداوەکانی ١٦ــی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ــوە سنوری دەسەڵاتی کارکردنمان کەم بوەتەوە و ناتوانین وەکو پێشو زۆر کاربکەین.
هاوکات ســەڵاح محەمەد، لێپرســراوی هۆبەی مافی مرۆڤی کفری، دەڵێــت: هــەر قەزایــەک دەبێــت پەیوەســت بێــت بە دەســتەی سەربەخۆی مافی مرۆڤەوە، بەڵام ئێمە پەیوەستین بە نوسینگەی مافی مرۆڤی کەلار (گەرمیان)ـەوە.
دەشــڵێت: ئەمە وایکــردوە لە روی کارگێڕیــی و داراییەوە گرفت دروســت ببێت، ئەگــەر ئەگەر دەســەڵاتی ســەربەخۆمان هەبێت دەتوانیــن بەشــێوەیەکی فراوانتر کار بکەین، نەبونی دەســەڵاتی ســەربەخۆ لــە روی داراییــەوە گرفتــی ئەوەی بۆ دروســتکردوین بمانەوێــت پرۆژەیــەک یان چالاکییەک ئەنجام بدەین، راســتەوخۆ دەســەڵات و ئیمکانیەتمان بەردەســت نیە، لە روی کارگێڕیشەوە بەهەمان شێوە.
لەبەرامبەریشدا حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیــان، دەڵێــت: داوام لە دەســتەی ســەربەخۆی مافی مرۆڤ کــردوە کە ئەم هۆبانە ســەربەخۆیی خۆیــان پێبدرێت کە بتوانن رەوشــی هۆبەکانیان لە روی کارگێڕیــی و داراییەوە ئیدارە بدەن، چونکــە فەرمانبەرێکی ئەم هۆبانە بیەوێت بۆ کارێکی فەرمی بێتە کــەلار ئەبێت من فەرمانێک دەربکەم بــۆی بنێرم، بەهۆی ئەوەی لەڕوی ژمێریاریی و ئیدارییەوە سەر بە ئێمەن.
دەشــڵێت: بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەمە داوامکردوە لە دەستەی ســەربەخۆی مافــی مرۆڤ بــە زیادکردنی چەنــد برگەیەک کە من دەســەڵات دابەزێنــم بــۆ بەرپرســی ئــەو هۆبانە بــۆ هەندێک لە ئیشوکارەکانیان، بەڵام نەکراوە.
هێمــا بۆ ئەوەشــدەکات: پێویســتمان بەزیادکردنی دەســەڵاتێکە کــە بەڕێوبەری نوســینگە بتوانێت دەســەڵات بۆ خــواروی خۆی دابەزێنێت، بۆ ئەوەی هۆبەی مافی مرۆڤی خانەقین و کفری چەند دەسەڵاتێکی ئیدارییان هەبێت.

## ٥. گرفتی سکاڵا

جوڵاندنی سکاڵا لە ڕێگەی فەرمانگەی داواکاری گشتییەوە، گرفتی بۆ نوســینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان دروســتکردوە، وەکو خۆیان باسی لێوەدەکەن کاری ئەوانی قورسترکردوە.
حەیــدەر فــازڵ، بەڕێوبەری نوســینگەی مافی مرۆڤــی گەرمیان، دەڵێت: پەیوەندییەکی باشــمان هەیە لەگەڵ فەرمانگەی داواکاری گشــتی، ئەو ســکاڵایانەی کە لایەنێکی مافی گشــتی بێت دەبێت لەڕێگەی ئەوانەوە بجوڵێنرێت، ئەمە گرفتی بۆ ئێمە دروستکردوە، لەیاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئەبێت هەمو سکاڵایەک لە ڕێگەی فەرمانگەی داواکاری گشتییەوە چارەسەر بکرێت، ئەمە لە یەککاتدا دەبێتە هۆی قورســکردنی کاری ئێمە و ئەو کەسەش کە رودەکاتە لامان بۆ تۆمارکردنی سکاڵا.
دەشــڵێت: ئــەو کەســە لە جیاتی ئــەوەی بێتــە لای ئێمە، خۆی دەڕواتە فەرمانگەی داواکاری گشــتی و ســکاڵاکەی تۆماردەکات، یــان کەســێک لە جیاتی ئەوەی هەواڵێک بــە ئێمە بدات، دەڕواتە لای ئــەوان و هەواڵەکــە بە ئەوان دەدات و ئەوان بەدواداچونی بۆ دەکەن.
باســی لەوەشــکرد: بۆ ئەم گرفتــە داوامانکردوە خۆمــان بتوانین بەشێکی تەواومان هەبێت، چونکە بەشی یاسا و سکاڵامان هەیە و دەبێت ئەم بەشە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بتوانین بە دواداچونی جدی بۆ ســکاڵاکان بکات و راستەوخۆ سکاڵاکان ئاراستەی دادگا بــکات و بڕواتــە لێکۆڵینەوەوە لەوێ وەکو دۆســیەیەکی لێبێت و کاری لەسەر بکرێت.
هێما بۆ ئەوەشــدەکات: ئێمە وەکو پاشــکۆی داواکاری گشتیین، ئەمــەش گرفتــی بــۆ دروســتکردوین و بــێ متمانەییەکــی زۆری دروستکردوە، چونکە زۆرجار دواکەوتن لە وەڵامدانەوە کێشەکاندا دروست دەبێت.

## ٦. گرفتی ئۆتۆمبیل

گرفتی ئۆتۆمبیل یەکێکی دیکەیە لەو گرفتانەی کە فەرمانگە حکومییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن، یەکێک لەو فەرمانگانەش نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیانە.

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: ئەو ئۆتۆمبیلانەی نوسینگەکەمان هەیەتی زۆر کۆنن و ئەرکی بەکارهێنانیان زۆر قورسە، خەرجییەکی زۆری ئەوێت هەروەها بزوێنەری گەورەیە و سوتەمەنی زۆری پێویستە، ئەمەش وایکردوە پێویستی بە خەرجییەکی زیاتر بێت، هەروەها تێکچونی زۆرە و بەردەوام ئەبێت خەریکی چاککردنەوەی بین.

دەشڵێت: چەندینجار دەرخستەمانکردوە داوامانکردوە کە ئەم ئۆتۆمبیلانە حکومەت وەری بگرێتەوە، لەبەرامبەردا ئۆتۆمبیلی سادەمان بۆ دابین بکەن کە خەرخی کەم بوێت، بتوانین رۆژانە کارەکانمانی پێ رابپەڕێنین، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراوینەتەوە.



## ٧. گرفتی ئیمتیازات و نەبونی هاندان

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی یاسا دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ژێر چاودێریی دیوانی چاودێری داراییە و لە روی کارگێڕییەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام تائێستا ئەو رێنماییانەی ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات، بەسەر ئێمەشدا جێبەجێ دەکرێت.

دەشڵێت: ئێمە لەبنەڕەتدا وایە دەبێت فەرمانبەری پەرلەمان بین، ئەو ئیمتیازەی فەرمانبەری پەرلەمان هەیەتی دەستەی مافی مرۆڤیش دەبێت هەیبێت هاوشێوەی دەستەی دەستپاکی، بەڵام وانییە.

وتیشی: بەهۆی کەمی موچەکەیانەوە، هەمو فەرمانبەرەکانم داوای گواستنەوە دەکەن.

سەرەڕای هاوتانەبونی موچەی فەرمانبەرانی دەستە سەربەخۆی مافی مرۆڤ هاوشێوەی ئەو ئیمتیازاتانەی فەرمانبەری پەرلەمان هەیەتی، هیچ هاندانێکیشیان بۆ خەرج نەکراوە.

حەیدەر فازڵ، دەڵێت: داوامانکردوە تەنها ئەو فەرمانبەرانەی سەردانی گرتوخانە دەکەن هاندانیان پێبدرێت، بە هۆی ئەوەی هەندێکجار روبەڕوی مەترسیی دەبنەوە.

دەشڵێت: نوسراومان تا ئەنجومەنی وەزیران رۆشتوە، ئەنجومەنی وەزیران پرسیاری لە وەزارەتی دارایی کردوە کە ئایا دەستەی مافی مرۆڤ کارمەندانیان مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە بۆ ئەوەی ئەو پارەیەیان بۆ خەرج بکرێت، لە وەڵامدا وەزارەتی دارایی دەڵێت: ئێمە وەک چاودێریی کۆمەڵایەتی نین و بۆمان نەکرا.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان یەکێکە لەو دەزگا فەرمیانەی کە پەیوەستە بە چاودێری مافی مرۆڤ و ماوەی ٢٣ ساڵە لە سنورەکەدا لەژێر ناوی جیاوازدا کاردەکات. ئەو کە سەر بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤە لە هەرێم، بنکەی سەرەکی لە کەلارە و لە خانەقین و کفریش یەکی هۆبەیەکی هەیە و تێکڕاش (١٩) فەرمانبەری هەیە. کاری نوسینگەکە بەدواداچونە بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، چ لە ڕێگەی تۆمارکردنی سکاڵاوە، چ لە لەڕێگەی بەدواداچونکردنی خۆیانەوە.

٢. نوسینگەکە بەدواداچون دەکات بۆ هەمو ئەو سکاڵایانەی کە هاوڵاتیان لەلایان تۆماری دەکەن لەکاتی بونی پێشێلکاریی دا، ئەم نوسینگەیەش بەدواداچونی بۆ دەکات و ئەگەر بابەتەکە ببێت بە دۆسیە، ئەوا ڕەوانەی داواکاری گشتی دەکات بۆ ئەوەی ئەوان لە ڕوی یاساییەوە بیجولێنن.

٣. نوسینگەکە هەروەها مانگانە و وەرزانە و ساڵانەش ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لەبارەی پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە مافی مرۆڤ بە گشتی ئامادە دەکات و بۆ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی دەنێرێت.

٤. یەکێکی تر لە کارەکانی نوسینگەکە، ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینارە، بەتایبەتی لەناوەندە پەروەردەییەکان، ئەویش بەمەبەستی شیکردنەوەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و هاندانی هاوڵاتیان بۆ جێبەجێکردنی.

٥. نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان کێشەی زۆری هەیە، کە هەندێکیان بونیادیی و هەندێکی دیکەیان تەکنیکین، لە نمونەی کێشە بونیادییەکان ئەوەیە کە دەستەکە دەبێت سەر بە پارلەمانی کوردستان بێت، بەڵام وانیە، هەروەها شێوازی کارکردنی نوسینگەکە بەشێوەیەکە کە خۆی ناتوانێت سکاڵا بجولێنێت و بەدواداچونی بۆ بکات لە ڕوی یاساییەوە، بەڵکو دەبێت بیدات بە داواکاری گشتی، ئەمەش وادەکات ڕۆڵی ئەو زیاتر وەکو چاودێر و تۆمارکەری پێشێلکارییەکان دەربکەوێت.

٦. هەرچی کێشەی تەکنیکییە، ئەوا نوسینگەکە زۆر کێشەی هەیە، لە نمونەی: نەبونی بینای شیاو و تایبەت بە خۆی، نەبونی ئۆتۆمبیل بۆ بەدواداچونی کاروبارەکان، کێشەی ئیداریی و ژمێریاریی و ...هتد.

٧. نوسینگەکە یەکێکی تر لە کێشە دیارەکانی، کەمی فەرمانبەرە، بەشێوەیەک بە هەمویەوە (١٩) فەرمانبەری هەیە کە تەنها ٨ لەو کارمەندانە لە نوسینگەی سەرەکین لە کەلار و ئەوانی دیکە لە کفری و خانەقین. ئەمەش وایکردوە کە نوسینگەکە بەهەمو کاروبارەکان ڕانەگات و تەنانەت هەندێک هۆبەیان هەیە هەر نەیانتوانیوە دروستی بکەن.

٨. هۆبەکانی کفری و خانەقین کێشەی زۆریان هەیە، کفری کە (٤) فەرمانبەری هەیە، دوانیان لە مۆڵەتن وئێستا تەنها بە ٢ فەرمانبەرەوە بەڕێوەدەچن. خانەقینیش کێشەی ئەوەی هەیە کە سنورەکەیان لەدوای ڕوداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان تیایاندا لاواز بوە و ناتوانن ڕۆڵی ئەوتۆ بگێڕن.

٩. خودی نوسینگەکە و هۆبەکانیشی، کێشەی دەسەڵات و ڕێگەپێدانی کارگێڕیی و داراییان هەیە، بەتایبەت هۆبەکان کە بۆ هەمو شتێکی ئاسایی دەبێت بگەڕێنەوە بۆ نوسینگەی گەرمیان لە کەلار.

١٠. کێشەی داریی و خەرجنەکردن یان درەنگ خەرجکردنی پێشینەکان، یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی نوسینگەکە و کاری کردوەتە سەر کوالێتیی کارەکانیان.

## دووەم: راسپاردەكان

١. بونـــی دەزگایەكـــی فەرمیـــی بۆ چاودێریی رەوشـــی مافـــی مرۆڤ لە گەرمیـــان، پێویســـت و گرنگە، چونكـــە ئەم بوارە روبـەڕوی زۆر پێشـــێلكاریی دەبێتـــەوە و پێویســـت دەكات لەلایـــەن لایەنێكی فەرمییـــەوە بەدواداچونی بـــۆ بكرێت و تۆمار بكرێـــت و كاری لەســـەر بكرێـــت. بـــەڵام لـــەوەش گرنگتـــر ئەوەیە كـــە دەزگاكـــە گرنگیـــی پێبدرێت و رۆڵەكەی شـــكڵی و ســـنوردار نەبێت و كارەكانیشـــی پیشـــەیی بـــن. یەكێك لـــە بنەماكانی پیشـــەیی بونـــی دەزگاكەش ئەوەیە كە دەســـتەكە بەگشـــتی ســـەر بـــە پارلەمان بێت نـــەك حكومەت، بۆ ئـــەوەی چاودێرێكی كارای حكومـــەت بێت لـــە روی بەدواداچونكردن بـــۆ پێشـــێلكارییەكان كە رەنگـــە هەندێكیان حكومـــەت خۆی تیایدا بەشـــدار بێت.

٢. یەكێـــك لـــەو خاڵانـــەی پێویســـتە بەگرنگییـــەوە كاری لەســـەر بكرێت و دوبـــارە داڕشـــتنەوەی بۆ بكرێت، مەســـەلەی دەســـەڵاتی ئـــەم دەزگایـــەی مافـــی مرۆڤە لـــە پرســـی بەدواداچونـــی ســـكاڵاكان، بەشـــێوەیەك دەســـەڵاتی پێبدرێت كە بتوانێـــت خۆیشـــی ســـكاڵا لـــە دادگاكان بجوڵێنێـــت و تەنهـــا رایەڵەیـــەك نەبێـــت لەنێـــوان داواكاری گشـــتی و هاوڵاتیانی ســـكاڵاكار دا، چونكـــە بەمشـــێوەیە بونـــی ئەو لـــە وەرگرتنی ســـكاڵادا رۆڵێكـــی لاواز و شـــكڵی دەبێت.

٣. بەهـــۆی گرنگیـــی پرســـەكەوە، پێشـــنیازدەكەین كـــە بۆردێكـــی تایبەت بـــە مافی مرۆڤ یـــان چاودێریـــی مافی مرۆڤ لەســـەر ئاســـتی ئیـــدارەی گەرمیـــان پێكبهێنرێـــت و لەرێگەیـــەوە زیاتر و چڕتـــر بەدواداچون بـــۆ پێشـــێلكارییەكانی مافی مـــرۆڤ بكرێت.

٤. نوســـینگەی مافـــی مرۆڤـــی گەرمیـــان بەدەســـت زۆر كێشـــەوە دەناڵێنێت، هـــەر لە بیناوە هەتا كێشـــەی دەســـەڵات و دارایـــی و هـــی دیكـــە. گرنگـــە حكومەت بـــە بایەخەوە هەوڵـــی چارەســـەركردنیان بـــدات، چونكە ئـــەم كێشـــانە كاریان كردوەتەســـەر توانـــا و رادەی كارایـــی نوســـینگەكە، ئەمـــەش وادەكات ئـــەو رۆڵەی لێیان چـــاوەڕێ دەكرێـــت، نەتوانرێت بەجێـــی بێنن.

٥. گرنگـــە پرســـی چاودێریـــی مافـــی مـــرۆڤ هـــەر لـــە ناوەنـــددا نەمێنێتـــەوە، ئیتـــر چ ناوەندی پارێـــزگا یـــان ئیدارە ســـەربەخۆكان بێـــت، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش پێویســـتە گرنگیی زیاتر بـــە هۆبەكانـــی مافی مـــرۆڤ لە كفـــری و خانەقین بدرێـــت و كارا بكرێنـــەوە و خاوەنـــی دەســـەڵاتی پێویســـتی كارگێڕیـــی و دارایـــی بن.

٦. ئەنجامدانـــی راپۆرتـــی مانگانـــە و وەرزی و ســـاڵانە لەلایەن نوســـینگەكەوە زۆر گرنگـــە، چونكە دەبێتە ســـەكۆیەك بۆ هەڵســـەنگاندنی دۆخـــی مافـــی مـــرۆڤ لـــە ناوچەكەدا، بـــەڵام گرنگە ئـــەم داتایانە بەشـــێوەیەكی شـــەفاف بۆ رایگشـــتی بـــە بەردەوامیـــی بڵاوبكرێنـــەوە و هاوڵاتیانیـــان لـــێ ئاگەدار بكرێتـــەوە، هەروەك كۆبونـــەوە و كۆنفرانس بـــۆ چالاكوانان و رۆژنامەنوســـان ئەنجـــام بدرێـــت بەمەبەســـتی گەیاندنـــی ئـــەم داتا و ئامـــار و راپۆرتانـــە پێیان.

٧. زیادكردنـــی فەرمانبـــەر و رێكخســـتنەوەیان، یەكێكـــە لـــە پێویســـتییەكانی نوســـینگەكە، چونكـــە كەمـــی فەرمانبـــەر وایكـــردوە كەموكورتیـــی زۆر لـــە كاروبارەكانـــی دەزگاكـــەدا دروســـت ببێـــت. بـــۆ ئەمـــەش پێویســـتە لـــە داهاتـــودا لە دامەزراندنـــی فەرمانبەرانـــدا ئـــەم دەزگایـــەش بـــە گرنگییـــەوە لێـــی بڕوانرێـــت و میلاكی زیاتـــری بـــۆ دابینبكرێت.

٨. لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی پەیوەست بە میلاک، دەتوانرێت سود لە دامەزراندنی کەسانی خۆبەخش بۆ نوسینگەکە ببینرێت، ئەمە جگەلەوەی دەتوانرێت سود وەربگیرێت لە کەسانی خۆبەخش یاخود ئەو فێرخوازانەی مەشقی هاوینە دەکەن.

٩. هانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان دەدەین بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان، چونکە لەم ڕێگەیەوە بەشێک لە قورسایی دارایی و مرۆییان لەسەر کەمدەبێتەوە و ڕەنگە بشتوانن بەشێوەیەکی گشتگیر تر و باشتریش کارەکانیان ئەنجام بدەن.

١٠. هانی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان دەدەین کە بەشێوەیەکی دەوریی کۆبونەوە لەگەڵ چالاکوانان و ڕۆژنامەنوسان و چین و توێژەکان ئەنجام بدات و لەو ڕێگەیەوە تۆڕێک لە هاوڕێ بۆ دەزگاکەیان دروست بکەن، کە دەبنە مایەی ئاسانکاریی کردن بۆیان لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی و ئامادەکردنی راپۆرت و ئامار و ...هتد.

١١. بونی چالاکیی هۆشیاریی زۆرگرنگە، بەتایبەتی ئەنجامدانی چالاکیی بۆ بڵاوکردنەوەی بنەماکانی هۆشیاریی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، پێویستە بەردەوامیی بەم چالاکییانە بدرێت و گەشیان پێبدرێت، دەشتوانرێت سود لە چالاکوانان و کەسانی پسپۆڕ بەشێوەی خۆبەخش ببینرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها بەرەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.


* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net